# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی پەروەردە

## یەکەمین راپۆرت: کێشەی بینای قوتابخانەو خوێندنگەکان

### تشرینی یەکەمی 2017

*1/11/2017*

# پێرست


| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | راپۆرت |
| بەشی سێیەم | راسپاردە |


## بەشی یەکەم: ناساندن

1. پێشەکی
2.کارنامەی یەکەکە
3.ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## 1.پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێك لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەك زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

ئێمە لە رادیۆی دەنگ، ساڵی رابردو پرۆژەی دروستکردنی (یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)مان هەبو، کە تاڕادەیەکی باش سەرکەوتو بو لە چاودێرییکردنی کاری ئەو دو نوێنەرەی گەرمیان، بەڵام بۆ ئەمساڵ و لە میانی پرۆژەی رادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED بەباشمان زانیی یەکەیەکی نوێ پێکبهێنین کە ئەمجارەیان چاودێریی حکومەتی خۆجێیی بکات.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ئەمساڵ دا (24) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاودەکاتەوە بەشێوەیەك هەر کەرتەو مانگەی راپۆرتێك لە بوارێکی دیارییکراو دەبێت.

بۆ مانگی یەکەمی کارکردنی ئەم پرۆژەیە، بۆ بەشی پەروەردە، پرسی ژمارەو جۆر و دابەشبون و کێشەی بینای خوێندنگەو قوتابخانەکانمان کردوە بە تەوەری باس، لەبواری تەندروستیش دا، کێشەی کەمی یان نەبونی پزیشك لە گەرمیانمان دیارییکردوە، ئەمەش بەوهۆیەی کە دو پرس و بابەتی گرنگ و لەهەمان کاتیشدا ئاڵۆز و هەستیارن. ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەك بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاك و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## 2. کارنامەی یەکە

یەکەم: ناساندن
یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.
دوەم: ئامانجی یەکە
1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.
سێیەم: کارەکانی یەکە
1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.
2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.
3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.
4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.
5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵك و حکومەت.
چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە
1.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.
2.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتیيانەی کێشەکان.
3.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەك و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوضەی گەرمیان

1. رادیۆی دەنگ:
رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.
لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.
ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەك گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.
رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.
لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).
رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.
جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێك چالاکی هونەریی).

2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانجنەویستی تایبەتە بە گەشەپێدانو پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.
(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:
گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوك بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.
ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێك قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی:(کەلار و کفری و بەشێك لە قەزای خانەقین.)
لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوك کە  قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بەشێك لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە،پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوك.
بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوایروخانیرژێمیپێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەیپارێزگای کەرکوك لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێك لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەیگەرمیان"یپێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەیگەرمیان هاوشێوەیپارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتیپارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دوەم:
## راپۆرت: کێشەی بینا لە سنوری پەروەردەی گەرمیان

1. دەستپێك
2. هۆکار و گرفتەکانی کەمی بینا لە زاری بەرێوبەری پەروەردەی گەرمیانەوە
3. گرفتەکانی کەمی بینا و ژمارە و داتاکانی بینا لە سنوری پەروەردەی کەلار
4. گرفتەکانی کەمی بینا و ژمارە و داتاکانی بینا لە سنوری پەروەردەی کفری
5. ستاندارددی بیناکان
6. بۆچونی بەرێوبەر و مامۆستایان لەسەر کەمی ژمارەی بینا

### 1. دەستپێك

گرفتی کەمی بینای قوتابخانە لە سنوری گەرمیان یەکێکە لە گرفتە دیارەکانی کەرتی پەروەردە و لە پاش قەیرانی دارایی و وەستاندنی پرۆژەکان و زۆربونی ژمارەی فێرخواز ئەو گرفتە زیادی کردوە و وایکردوە ئەو سیستەمەی بۆ خوێندن دانراوە نەتوانرێ جێبەجێبکرێت بە جۆرێك تا ئێستا چەن قوتابخانەیەك سێ دەوامی تێدا دەکرێت.

قەزای کەلار بە ناحییەکانی ( رزگاری، شێخ تەویل و پێباز) و سەرباری ناحیەکانی (کۆکس، قۆرەتو، مەیدان و بەمۆ)، تێکرا (243) بینا بونی هەیە بە بنەرەتی و ئامادەی و باخچەی ساوایان و خوێندنی خێرا، لە قەزای کفریش بە ناحییەکانی (زینانە و جەبارە و سەرقەڵا و نەوجول و ئاوە سپی)، (81) بینا هەیە بە بنەرەتی و ئامادەی و باخچەی ساوایان و خوێندنی خێرا، لە قەزای خانەقینیش بە ناحییەی قەرەتەپەوە (16) بینا بونی هەیە بە بنەرەتی و ئامادەییەوە.

| خانەقین | کفری | کەلار | |
|---|---|---|---|
| 16 | 81 | 243 | ژمارەی قوتابخانە |

## 2. هۆکار و گرفتەکانی کەمی بینا لە زاری بەڕێوبەری پەروەردەی گەرمیانەوە

سەبارەت بە کەمی بینا و زۆری خوێندکار لە سنوری گەرمیان بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، دارا ئەحمەد، دەڵێت: "کەمی بینا یەکێکە لە گرفتە هەرە گرنگەکانی ئێمە وەك پەروەردەی گەرمیان، هەر بەو هۆیەشەوە بەشێکی زۆری قوتابخانەکانمان دو دەوامین و هەندێکیشیان بونەتەوە بە سێ دەوامی لەمساڵدا".
وتیشی: خواستی ئێمە ئەوە بوە کە خوێندنگاکانمان بکەین بە یەك دەوامی و کاتی خوێندن درێژبکەینەوە، بەڵام ئەم خواستەی ئێمە ساڵانە چەن هەوڵی بۆ دەدەین تادێت دوردەکەوێتەوە، چونکە ساڵ تا ساڵ رێژەی خوێندکار رو لە زیادبون دەکات، لەبەرامبەر ئەو رێژە زۆرەی خوێندکاریش لە ساڵی (2014)وە، هیچ بینایەك دروست نەکراوە".
بەڕێوبەری پەروەردەی گەرمیان، دەشڵێت:"(7) بینا کە لە دروستکردندا بون لە سنوری گەرمیان ئەوانیش بەهۆی قەیرانی داراییەوە وەستاون، ئەمەش کاریگەری زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە".
ئاماژەی بەوەشکرد: بەهاوکاری رێکخراوەکان و ئەو برە پارەییەی کە وەزارەتی پەروەردە بۆی دابین کردوین چەند قوتابخانیەکمان نۆژەن کردوەتەوە، لەگەڵ ئەوەش چەند قوتابخانە نۆژەن بکرێتەوە ئەوەندەش پێویستمانە کە بینا دروست بکرێت.

## 3. گرفتەکانی کەمی بینا و ژمارە و داتاکانی بینا لە سنوری پەروەردەی کەلار:

بەڕێوەبەری پەروەردەی کەلار، م.عەدالەت لەتیف، سەبارەت بە کەمی بینا و گیروگرفتەکانی دەڵێت: "یەکێك لە هۆکارەکان قەیرانی دارایی یە کە لە ساڵی (2014) تاوەکو ئێستا نەك بینا دروست نەکراوە بەڵکو ئەوانەشی کە لە دروست کردندا بون بە نیوەی بەجێهێڵراون و وەستاون، ئەمەش کاریگەری زۆری بەجێهێشتوە لە ناوچەی گەرمیان بە تایبەت لادێکان کە هەندێکیان هەر بینایان نیە، ئەمەش بارگرانیەکی زۆرە بۆ سەر ناوەندەکانی خوێندن، بەهۆی زۆری تەلەبەوە".
وتیشی: "چەندین جار نوسراوم کردوە لە رێگەی پەروەردەی گشتی و ئیدارەی گەرمیانەوە تەنانەت ئەندام پەرلەمانیش کە چارەسەری ئەم کیشەیەمان بۆ بکرێت، نەك بینا دروست بکەن بەڵکو ئەو بینانەی کە بە نیوەی ماونەتەوە و تەواو نەکراون کە ئەویش خوێندنگەی (مرواری و شارەوانی و کوڵەجۆ و لە ناحیەی رزگاریش بینای تەواو نەکراومان هەیە، ئەگەر تەواو بکرێن بەشێك لە کێشەکانمان چارەسەر دەبێت، بەڵام تاوەکو ئێستاش وەڵام نەدراوینەتەوە".
سەبارەت بە خراپی دابەشکردنی خوێندنگاکان بەسەر گەرەکەکاندا بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار ئاماژەی بەوەکرد: ئیمە سەبارەت بەو بابەتە لیژنەمان پێك هێنا تاوەکو بە شێوازێکی دادپەروەرانە و بەپێی جوگرافی شوێنکە خوێندکار وەربگرن.
وتیشی: "بە هۆی زۆری خوێندکارەوە دو خوێندنگە بونەتەوە بە سێ دەوامی و لە ناحیەی رزگاریش چەند حاڵەتێکی لەو شێوەیە رویداوەتەوە بەهۆی کەمی بینا یاخود خراپی بینا لە ترسی داروخانی، بۆیە بەو هۆیەشەوە ناچاربوین قوتابی لە قیاسی پۆلەکان زیاتر بێت بەس

بۆ ئەوەی نەبێتەوە بە سێ دەوامی، بارگرانی لەسەر خوێندکاران و مامۆستایانیش زیاتر نەبێت".

دابەشبونی قوتابخانەکان سنوری پەروەردەی کەلار بەم شێوەیەیە:

| | **کەلار** (**سەنتەری قەزا**) | **رزگاری** (**ناوشار**) | **باوەنور** (**ناوشار**) |
|---|---|---|---|
| **ژمارەی قوتابخانە** | 51 | 18 | 6 |
| **ژمارەی قوتابخانەی خاوەن بینا** | 32 | 10 | 6 |
| **ژمارەی قوتابخانەی میوان** | 19 | 8 | نیە |
| **ژمارەی ئەو قوتابخانانەی پێویستی بە نۆژنکردنەوە هەیە** | 20 | 8 | 3 |
| **ژمارەی بینای پێویست** | 25 | 15 | 1 |

| | کەلار (گوندەکان) | رزگاری | کۆکس | پێباز | شێخ تەویل | قۆرەتو | مەیدان | بەمۆ | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی بینا لە ناحیە و گوندەکان | 19 | 25 | 10 | 21 | 19 | 16 | 15 | 5 | 130 |
| ژمارەی بینا لە ناحیە و گوندەکان دەوامی تێدایە | 15 | 14 | 8 | 14 | 10 | 12 | 12 | 2 | 87 |
| ژمارەی بینا لە ناحیە و گوندەکان داخراوە | 4 | 11 | 2 | 7 | 9 | 4 | 3 | 3 | 43 |
| چەند گوندمان هەیە بێویستی بە بینایە | نیە | 8 | 1 | نیە | 4 | 1 | نیە | نیە | 14 |
| چەند بینا هەیە پێویستی یە نۆژەن کردنەوە هەیە | 6 | 10 | 4 | 6 | 4 | 3 | 4 | 2 | 39 |

## 4. گرفتەکانی کەمی بینا و ژمارە و داتاکانی بینا لە سنوری پەروەردەی کفری:

بەڕێوەبەری پێشوی پەروەردەی کفری، م. قادر ئیسماعیل، سەبارەت بە کەمی بیناو زۆری خوێندکار لە ناوەندەکانی خوێندن، ڕایگەیاند: "بیگومان شاری کفریش وەك تەواوی شارەکانی دیکە بەدەر نیە لە کەمی بینا، ئێمە نەك کیشەی کەمی بینامان هەبێت بەڵکو کێشەی کۆنی بیناشمان هەیە، چونکە تەنها (5) بینامان هەیە کە تازەبێت، ئەوانی تر هەموی کۆنن و هی ساڵانی شەستەکانە".
وتیشی: حکومەتی هەرێم تەنها دوبینای (18) پۆلی لە شاری کفری دروست کردوە، ئەو (3) بیناکەی کە هی دوای ساڵی 1991، لەگەڵ ئەمەشدا چوار بینا لە سنوری ئێمە بەهۆی قەیرانی داراییەوە کارەکانی وەستاون".
ئاماژەی بەوەشکرد: هۆکاری ئەم گرفتەی کە ئێستا تێیداین ئەوانە بون کە لە پێش ئێمە دەست بەکار بون، چونکە وا نیشانیان داوە کە ناو شاری کفری گرفتی کەمی بینای نیە بەڵام پێچەوانە بوە، هەروەها ئەگەر ساڵانە لەم سنورە (3) بینا دروست بکرایە دەمانتوانی کێشەی کەمی بینا و زۆری خوێندکار لە کفری چارەسەر بکەین".

| | ناوەندی شار | ناحیەی ئاوەسپی | ناحیەی سەرقەڵا | ناحیەی نەوجول | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| چەند بینا لە گوندەکان دەوامی تێدایە | 18 | 3 | 20 | 6 | 47 |
| چەند گوند پێویستی بە بینایە | 5 | 3 | 1 | 3 | 12 |
| چەند بینا پێویستی بە نۆژەنکردنەوەیە | 7 | 1 | 5 | 2 | 15 |
| چەند گوند بینای هەیە و داخراوە | 14 | ——— | ——— | ——— | 14 |

## 5. ستانداردی بیناکان:

بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، سەبارەت بە رێژەی زۆری خوێندکار و ستانداردی دروست کردنی بیناکانی سنوری گەرمیان، دەڵێت: "ئێمە لە سنوری گەرمیان (86) هەزار خوێندکار/قوتابیمان هەیە، ستانداردی بیناکانیش بەشێوەیەك دروستکراوە کە بۆ هەر پۆلێك دەبێت (25) قوتابی تێدا بێت، بەڵام بەهۆی زۆری رێژەی تەلەبەوە هەر پۆلێك (40) خوێندکار لە خۆدەگرێت".

سەبارەت بە نۆژەن کردنەوەی بیناکانی سنوری گەرمیان، م.دارا ئەحمەد، وتیشی: بینامان هەیە پۆلەکانیمان داخستوە بەهۆی ترسی داروخانیەوە.

ئاماژەی بەوەشکرد: بە هۆی کەمی قوتابی لە گوندێك ناچارین کەوا پێکەوە دەمجیان بکەین لە گوندێك، چونکە 1 قوتابی لە پۆلێك فێری هیچ نابیت بۆ ئەوەی بتوانن بەتوانا بن و باش بن پێکەوەیان لە گوندێك کۆیان دەکەینەوە، لە بەرنامەشمان هەیە هەر گوندێك لە (8) خوێندکاری کەمتر بێت ئەوە ئەو بینایە دادەخەین.

قەیرانی دارایی یەکێکە لە هۆکارە هەرە سەرەکیەکانی ژمارەی کەمی بینا کە بەرپرسانی پەروەردە باسی لێوەدەکەن لەگەڵ ئەوەشدا لە سنوری گەرمیان و بە وتەی بەرپرسانی پەروەردە لە دوای ساڵی (1991) کەمترین گرنگی بە دروستکردنی بینای قوتابخانە دراوە بە نمونە لە قەزای کفری لە پاش ساڵی (1991) تەنها پێنج بینای قوتابخانەی لەو شارە دروست کردوە.

ئەندازیار عومەر عوسمان، بەڕێوەبەری بەشی بیناسازی لە پەروەردەی گشتی گەرمیان، سەبارەت بە کەمی بینا لە سنوری گەرمیان دەڵێت: "تاوەکو ساڵی 2010 تاك تاك بینا دروست دەکرا، دواتر بەرێژەیەکی باش تاوەکو ساڵی 2014 بینا دروست کرا، بەڵام بەهۆی هاتنی قەیرانی دارایی (7) پرۆژە لە سنوری گەرمیان راگیرا کە بە نیوە تەواو کراوە، ئەگەر ئەو بینایانە تەواو بکرایە ئەوە بەشێکی لەو گرفتەی چارەسەر دەکرد".

وتیشی:"لە ئیستادا سنوری گەرمیان بە گشتی پێویستی بە زیاتر لە (40) بینایە کە بۆی دروست بکرێت بەتایبەت کەلار کە پێویستی بە (30) بینا هەیە، ئێمە چەندین جار پلانمان داناوە کە پێویستە بینا دروست بکرێت لە گەرمیان بە داتا داوامان کردوە بەڵام بە هۆی قەیرانی داراییەوە تاوەکو ئێستا وەلام نەدراوینەتەوە".

ئاماژەی بەوەشکرد: بەشێکی زۆری بیناکان پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە، بەهاوکاری رێکخراوەکان بەشێکی ئەو بینایانەی پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە یاخود تەواوکردن هەبوە کردومانە بەس ئەمە بەس نیە بۆ ناوچەیەکی فراوانی وەك گەرمیان بەتایبەت کەلار".

کەمی بینا و زۆری ژمارەی فێرخواز تەنها رێگر نیە لەوەی ئەو سیستەمەی دانراوە بۆ خوێندن وەکو خۆی جێبەجێنەکرێ بەڵکو دەبێتە بارگرانی زیاتر بۆ مامۆستا و بەڕێوبەری قوتابخانەکانیش.

سەبارەت بە کەمی بیناو زۆری خویندکار لە خوێندنگەکاندا، سەریاس سەمین کە پیشەی مامۆستا دەڵێت: "لە ئێستادا کەرتی پەروەردە روبەروی ئاقارێکی قورس بوەتەوە بەتایبەت لە بواری بینادا، کە ئەمەش کاریگەری زۆری بە جێهێشتوە لەسەر خوێندکاران بەگشتی و مامۆستایان بە تایبەت، چونکە هەرپۆلێك بەشێکی زۆری تەلەبەی لە خۆگرتوە، کە لە (40) تەلەبە کەمتر نابێت بە دگمەن نەبێت لەو رێژەیە کەمتر بێت".
وتیشی: هۆکاری هەمو ئەم زەحتەی کە لەسەر خوێندنگاکان دروست بوە حکومەتە، چونکە لە ساڵی (2014) تاوەکو ئێستا هیچ بینایەك دروست نەکراوە لە سنوری ئیدارەی گەرمیاندا، لەگەڵ ئەوەش چەندین خوێندنگامان هەیە بە نیوەچڵی بەجێ ماوە و تەواو نەکراوە".

## 6. بۆچونی بەڕێوبەر و مامۆستایان لەسەر کەمی ژمارەی بینا:

سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە (م.سەریاس سەمین) دەشڵێت: بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پێویستە حکومەت بینا دروست بکات یاخود بینا کۆنەکان نۆژەن بکاتەوە، بەڵام حکومەت لە رێگە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکانەوە ئەیەوێ ئەم کێشەیە داپۆشێت بۆ ئەوەی خوێندکاران بە ئاسانی قۆناغەکانی خوێندن ببرن، بەڵام ئەمە چارەسەر نیە بۆ ئەم کێشەیە، لەلایەکی دیکەوە وا بەشێکی خوێندنگەکان بونەتەوە بە سێ دەوامی ئەمەش کاریگەری زۆر بە جێدەهێڵێت لە سەر خویندکاران بۆیە پێوستە حکومەت پلانی هەبێت و بینا دروست بکات بۆ ئەوەی چارەسەری قەیرانی بینا بکات لە گەرمیان".
ڤیان یەدوڵڵا، توێژەری کۆمەڵایەتی، سەبارەت بە کەمی بینا و زۆری رێژەی خوێندکار دەڵێت: "رێژەی کەمی بینا لە دەستی کەس نیە جگە لە حکومەت و پەروەردە".
ئەو پرسیارە کە بینا کەمەو خوێندکار زۆرە پێویستە ئاراستەی حکومەت و پەروەردە بکرێت، چونکە وەڵامەکەی لەلای ئەوان دەست دەکەوێت، لەگەڵ ئەوەش یەکێك لەو هۆکارانەی کە وایکردوە خوێندکار لە خوێندنگاکان زۆربێت بێهیوای خوێندکارە لە خوێندن، نەمانی حەزی خوێندکارە بۆ خوێندن، ئەمەش وا دەکات کە بارگرانی لەسەر خوێندنگاکان دروست ببێت و بەشێکی زۆری خوێندکاران بمێنێتەوە  بە دوساڵە لە ناوەندەکانی خوێندن".
ئاماژەی بەوەشکرد: پێویستە حکومەت لەماوەی پشوی هاویندا خول بۆ مامۆستایان بکاتەوە، بۆ ئەوەی  ئاستی زانستی و مەهنیەتی هیوا و رۆحیەتی خوێندن بۆ خوێندکاران بگەرێننەوە بۆ ئەوەی سەربکەون لە قۆناغەکانی خوێندن، بۆ ئەوەی ساڵانە نەمێننەوە و بارگرانی لەسەر خوێندنگاکان دروست نەکەن".
جیاواز لەوانی دیکە، م.بەرێز عەباس، سەبارەت بە کێشەی بینا دەڵێت: "کەمی بینا لە سنوری پەروەردەی گەرمیان بوەتە هۆی کەڵەکەبونی زۆری تەلەبە لە ناوەندەکان، هۆکارێکی دیش ئەوەیە خراپی دابەشکردنی خوێندنگەکان بەسەر گەرەکەکانی شاردا ئەو شوێنە جوگرافیایەی کە تێی کەوتوە، ئەمەش لە هەندێك شوێن ئەوەنە خوێندکار زۆرە کە جێی نابیتە لە هەندێکیش باشە".

پێچەوانەی ئەو ڕایانەی پێی وایە کەمی بینا و کەڵەکەبونی فێرخواز زیان بە پەروەردە دەگەیەنێت، بەڕێز عەباس دەڵێت: "بەشێك لە مامۆستایان ئاستی زانستیان باش نیە و ئەوە هۆکارێکی باشە بۆ ئەوەی ئەو کاتەی بۆی دانراوە بیباتە سەر".
وتیشی: "هۆکاری ئەمە ئەوەیە بەشێکی زۆری مامۆستایان ناچارکراون کە هەندێك وانە بڵێنەوە کە پەیوەندی بە ئەوانەوە نیە، بەو هۆیەشەوە ناتوانن ئەو هۆڵانەش بەکار بهێنن کە بۆ تاقیگەکان بە کاردێت بەهۆی نەبونی زانیارییان لەو بوارەدا".
ئاماژەی بەوەشکرد: "ئەگەر بینا زۆربێت و ئاستی زانستی مامۆستا لاواز بێت هیچ دەرئەنجامی نابێت، بۆیە کێشە تەنها بینا نیە بەڵکو مامۆستایانیشە".
ژیان محەمەد سەعید، مامۆستا لە قوتابخانەی مەرزییەی بنەرەتی لە ناحییەی ڕزگاری دەڵێت: " ڕزگاریش وەك تەواوی شوێنەکاتی تری سنوری گەرمیان بەدەر نیە لە کێشەی کەمی بینا و زۆری خوێندکار، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بێ پلانی حکومەت لە کەرتی پەروەردە و بە بیانوی قەیرانی داراییەوە لە ساڵی (2014) تاوەکو ئێستا هیچ بینایەکی دروست نەکردوە".
وتیشی: "یەکێکی دیکەش لە هۆکاری زیاد بونی ڕێژەی خوێندکار لە سەنتەری شار نەبونی خزمەتگوزارییە لە لادێیەکان لە روی پەروەردەوە ئەمەش وایکردوە خێزانەکان بێنە شارەوە بۆ ئەوەی داهاتوی منداڵەکانیان نەفەوتێت، هۆکارێکی دیکەش ئەوەیە حکومەت بڕیارێکی دەرکرد بە وەرگرتنی منداڵ لە تەمەنێکی کەمدا ئەمەش وایکرد ڕێژەیەکی زۆری منداڵ ڕو لە ناوەندەکانی خوێندن بکەن".
بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش ژیان وتی: پێویستە حکومەت پلانی درێژخایەنی هەبێت بە هاوکاری کەسانی شارەزا لە بواری پەروەردە، لەگەڵ ئەوەش دانانی بودجەیەکی تایبەت بە کەرتی پەروەردە، چونکە پێشکەوتنی هەروڵاتێك بواری پەروەردەیە، بۆیە ئەگەر بتەوێ کەرتی پەروەردە پێش بکەوێت ئەبێت داهاتێکی باشی بۆ تەرخان بکرێت تاوەکو بتوانن کێشە و گرفتەکانی پێ چارەسەر بکەن".
بەهەمان شێوە ئارام ڕەحیم، بەڕێوەبەری قوتابخانەی بساکانی بنەڕەتی، لە ئێستادا مامۆستایە لە قوتابخانەی (چرچەقڵا) سەر بە ناحییەی شێخ تەویل سەبارەت بە گرفی بینا و بینای قوتابخانەی لادێکان دەڵێت: "لە ئێستادا خواستی فێرخواز بۆ خوێندن زیادی کردوە، ئەم زیاد بونەش تەواوی گوندەکانی گرتوەتەوە بەجۆرێك لە زۆربەی گوندەکان قوتابخانە هەیە و هەندێکیشیان کابینە بەکار دەهێنن بۆ فێرخوازان".
بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گەرمیان بە بیانوی کەمی تەلەبە لە هەندێك لە گەندەکان چەند قوتابخانەیەکی لە چەند گوندێکی جیاواز لە گوندێك کۆی کردنەوە بۆ درێژەدان بە خوێندن".
وتیشی:"لە زۆربەی زۆری گوندەکان قوتابخانەی ئامادەی تێدا نیە بەو هۆکارە خوێندکارەکانمان لە دوای تەواو کردنە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی واز لە خوێندن دەهێنن".
یاوەر محەمەد، بەڕێوەبەری قوتابخانەی چرچەقڵا، سەبارەت بە کەمی بینا و داخستنی بەشێك لە قوتابخانەی لادێیەکان دەڵێت: "لە هەندێك لە لادێیەکان گرفتیان هەیە و هەندێکیشیان بێ

گرفتن، بەڵکو لە هەندێك لادێ قوتابخانەیەکی باش و گونجاوی هەیە کەچی بەهۆی کەمی قوتابی داخراوە و تێکەڵیان کردوە لەگەڵ گوندەکانی دیکەدا".
دەشڵێت:"بەشێك لە لادێکان بینایان هەیە و داخراون ئەمەش وادەکات لە چەن ساڵی ئایندەدا منداڵی ئەو گوندانەی کە قوتابخانەکانیان داخراون ڕێژەی نەخوێندەواری تێیدا ڕو لە زیادبون بکات".
چالاك ڕۆستەم مەحمود، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئەڵوەن لە گەڕەکی سیروانی شاری کەلار، سەبارەت بە کەمی بینا و زۆری ڕێژەی قوتابی دەڵێت: "لە سنوری پەروەردەی گەرمیان کێشەی بینا زۆرە و لەبەرامبەریش ڕێژەی قوتابی زیاترە بەتایبەت لە کەلار و تایبەت تر لە گەڕەکی سیروان، چونکە لەم گەڕەکەی ئێمە تەنها یەك بینا هەیە ئەویش لە یەکی بنەرەتی تاوەکو شەش، بەهۆی زۆری ڕێژەی قوتابی و نەبونی جێگا کێشەمان زۆرە".
وتیشی: "هیچ گەڕەکێکی شاری کەلار وەك ئێمە کێشەی زۆر نیە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش چەندین جار داوام کردوە کە ناتوانن بینا دروست بکەن کابینەمان بۆ بهێنن تاوەك و ئەم گرفتە چارەسەر بکەین تاوەکو ئێستاش چاوەڕوانم بۆیان نەهێناوین".
گرفتی کەمی بینا بە هۆی دروستنەکردنی بینا سەرجەم قەزاو ناحیەکانی سنوری گەرمیانی توشی گرفت کردوەتەوە و لە زۆرجار لە ڕێگەی زیادکردنی ژمارەی فێرخوازان لە پۆلدا ئەو گرفتە دەشاردرێتەوە".
نەجیب عومەر بەڕێوەبەری قوتابخانەی بەمۆ لە ناحیەی ڕزگاری سەبارەت بە کێشە و گرفتی بینا دەڵێت: "کەرتی پەروەردە کایەیەکی گرنگە لە کۆمەڵگادا، هەر گرفتێك هەبێت لەو کەرتە ئەبێتە هۆی دواخستنی تاکی کۆمەڵگە، یەکێکیش لەو گرفتانەی کە لە ئێستادا بە زەقی دیارە و توشی کەرتی پەروەردە بوەتەوە ئەویش کەمی بینایە، کەمی بیناش بوەتە گرفت بۆ بەڕێوەبەر و مامۆستایان و خوێندکارانی قوتابخانەکان، چونکە ناتوانن بەباشی لە وانەکان بگەن بەهۆی زۆری خوێندکار لە پۆلێکدا".
وتیشی: تاوەکو ئێستا چەند قوتابخانەیەك لە ناحییەی ڕزگاری بونەتەوە بە سێ دەوامی ئەمەش گرفتی زۆری دروست کردوە، ئەگەر ئەم گرفتی نەبونی بینایە بەردەوام بێت ئەگەری زۆرە بەسێکی زۆری قوتابخانەکان ببنەوە بە سێ دەوامی بە هۆی زۆری قوتابییەوە کە لە بەشێکی زۆری لادییەکانەوە کە بنەرەتی تەواو دەکەن دێنە ڕزگاری بۆ تەواوکردنی خوێندنی ئامادەییان".
ئاماژەی بەوەشکرد: ساڵ تا ساڵ بارودۆخەکە خراپتر دەبێت، بۆیە پێویستە ڕێوشوێنی جدی بگرنە بەر بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە".

## بەشی سێیەم:
## راسپاردەکان

1. دروستکردنی بینا لە سنوری پەروەردەی گەرمیان لەچەند ساڵی پێش قەیران هەنگاوی باشی بۆ نراوە، بەڵام هێشتا نەگەیشتوەتە رێژەیەك کە بتوانێت کۆتایی بە دو دەوامی بهێنێت، ئەمەش پێویستیی بە کاری بەردەوام هەیە.
2. ژمارەیەك قوتابخانە بەکاریگەری قەیرانی دارایی، کارەکانی راگیراوە، لەکاتێکدا حکومەت پارەی بۆ هەندێك پرۆژەی راگیراو خەرج کرد، بەڵام قوتابخانەکانی رەچاو نەکرد، کە تەواو بونی ئەو قوتابخانانە رۆڵی دەبێت لە کەمکردنەوەی فشار لەسەر پرۆسەکە بەگشتی.
3. بەشێك لە قوتابخانەکان زۆر کۆنن، پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە، بەشێکی تریشیان دیزاینیان زۆر کۆنەو پێویستیی بە دوبارە دروستکردنەوە هەیە، ئەمە سەرباری ئەوەی بینای ئەوتۆ هەیە کە مەترسی روخانی لێدەکرێت.
4. لە خوێندنگەکاندا، رەچاوی بونی هۆڵی وانەی زانستی و هونەریی و وەرزشیی نەکراوە، ئەوانەشی هەن زۆر کەم یان دیارییکراون و روبەرەکەیان گەورە نییە.
5. بینای لادێکان زۆر پشتگوێخراون، پێویستییان بە ئاوڕ لێدانەوەی زیاتر هەیە، هەروەك دەبێت رەچاوی دروستکردنی هۆڵ وانە زانستیی و وەرزشی و هونەرییەکانی تێدا بکرێت.
6. پێویست دەکات پەروەردەی گەرمیان پلانێکی دورمەودا دابنێت لەگەڵ دیارییکردنی بودجەی دیارییکراو بۆ دروستکردنی بیناکان، ئەگەر لەئێستاشدا بەکاریگەریی قەیرانی دارایی نەشتوانرێت ئەنجام بدرێن، بەڵام بۆ بەرچاوبونی بونی ئەو پلانە پێویستە.
7. بەکاریگەریی قەیرانی دارایی، قوتابخانەی هەندێك لە گوندەکان داخراون یان لەگەڵ گوندی تر تێکەڵ کراون، ئەمەش وایکردوە زۆر قوتابی/خوێندکار بەهۆی نەتوانینیان بۆ رۆشتن بۆ گوندی تر واز لەخوێندن بێنن، کە ئەمەش مەترسییەکی جیدیە لەسەر ئاستی خوێندن لە لادێکان.
8. ئاستی فێرخوازانی قوتابخانەکان لەناو شاردا وەك یەك نین، واتا هاوسەنگیی تێدا نییە، بۆیە واباشە پەروەردەی شارەکان لەو روەوە پێداچونەوەیەك بکەن و هەوڵبدەن ژمارەی فێرخوازانی بیناکان نزیك بن لە یەکەوە.

**بۆپەیوەندی:**
07702303676– 07480207400
Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org